https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شێوازەکانی پێشکەشکردنی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی بگێڕەوەوە لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا

حەسەن یوسف کەریم
مامۆستای یاریدەدەر
پەیمانگای ڕووناکی نابینایانی هەولێر
hasanyusf59@gmail.com

پ. ی. د. نەجم خالید نەجمەدین
بەشی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین

**پوختە:**

ئەم تــوێژینەوەیە کە بە ناونیشـــانی (شـــێوازەکانی پێشکەشـــکردنی کـــارەکتەری ســـەرەکی لە ڕێـــی بگێـــڕەوەوە لە ڕۆمانەکـــانی (حســـام بەرزنجـــی)دا)یە، هەوڵـــێکە بـــۆ باســـکردنی کـــارەکتەری ســـەرەکی لە ڕۆمانەکـــانی (بەرزنجـــی)دا، تـــاوەکو ئەوە دەربخەیـــن، کە ڕۆمـــاننووس چ شـــێوازێکی لە بنیادنـــان و پێشکەشـــکردنیاندا پەیڕەوکـــردووە و ڕۆڵـــی بگێڕەوەمـــان لە دەرخســـتنی گرنگتـــرین ئەرک و تایبەتمەنـــدیی پێکهـــاتەی کــــــارەکتەری ســــــەرەکی لەم ڕۆمانــــــانەدا شــــــیکردۆتەوە و لایەنە هونەرییەکانیمان خستۆتەڕوو.

ئەم تــوێژینەوەیە بــریتییە لە دوو بەش. لە بەشـــی یەکەمـــدا، بە دوو تەوەرە لە ڕووی تیـــۆرییەوە باســـی جۆرەکـــانی کـــارەکتەری ســـەرەکی و بگێڕەوە و جۆرەکانی پەیوەندیی نێوانیانمان لە (ڕۆمان)دا کردووە.

لە بەشـــی دووەمـــدا بە دوو تەوەرە شـــێوازەکانی پێشکەشـــکردنی کـــارەکتەری ســـەرەکیمان بە هەردوو جـــۆری بگێـــڕەوەی هەمووشـــتزان و هەمانشـتزان لە نموونەی ڕۆمانەکاندا پراکتیزە کردووە، دواتر گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین بە چەند خاڵێک خستوومانەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان :** کارەکتەر، بگێڕەوە، هەمووشـتزان، هەمانشـتزان و بەرزنجی.

## شێوازەکانی پێشکەشکردنی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی بگێڕەوەوە لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا

### پێشەکی

ڕۆمان وەک ژانرێک لە چەند توخمێکی سەرەکی پێکدێت. یەکێک لەو توخمە گرنگانە کارەکتەرە، کە تەواوی توخمەکانی تر و تەکنیکە هونەرییەکان لە خزمەتی دەرخستنی جیهانبینی و هەڵوێستەکانی ئەودان لە بەرانبەر ژیان و ئاریشەکانیدا. ڕەخنەگرانی ئەم بوارەش لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بایەخێکی زۆریان بە کارەکتەری سەرەکیداوە.

ئێمەش لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ باسکردنی کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا تەرخانکردووە، تاوەکو ئەوە دەربخەین، کە ڕۆماننووس تا چ ڕادەیەک لە بنیادنانی کارەکتەرە سەرەکییەکانیدا سەرکەوتوو بووە و چ شێوازێکی لە بنیادنان و پێشکەشکردنیاندا پەیڕەوکردووە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (ڕەخنەی شیکاری) دەبەستین بۆ ئەوەی بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەخنەیە، ڕۆڵی بگێڕەوە لە دەرخستنی گرنگترین ئەرک و تایبەتمەندیی پێکهاتەی کارەکتەری سەرەکی لەم ڕۆمانانەدا شیبکەینەوە و لایەنە هونەرییەکانی پیشانبدەین.

پلانی توێژینەوەکە: نەخشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

لە بەشـــی یەکەمـــدا بە دوو تەوەرە لە ڕووی تیـــۆرییەوە باســـی جۆرەکـانی کـارەکتەری سـەرەکی و بگێـڕەوە و جۆرەکـانی پەیوەنـدیی نێوانیانمان لە (ڕۆمان)دا کردووە.

لە بەشـــی دووەمـــدا بە دوو تەوەرە شـــێوازەکانی پێشکەشـــکردنی کـارەکتەری سـەرەکیمان بە هەردوو جـۆری بگێـڕەوەی هەمووشـتزان و هەمانشـتزان لە نمـوونەی ڕۆمانەکاندا پراکتیـزە کـردووە، دواتـر گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوون بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو.

## بەشــی یەکەم: پەیوەنـدیی نێـوان کـارەکتەری ســەرەکی و بگێـڕەوە لە (ڕۆمان)دا

### تەوەرەی یەکەم: جۆرەکانی کارەکتەری سەرەکی و بگێڕەوە لە ڕۆماندا

### ا-جۆرەکانی کارەکتەری سەرەکی

کارەکتەری سـەرەکی ئەو کـارەکتەرەیە، کە وەک سـەنتەرێک، تەواوی ڕووداو و کارەکتەرەکـانی تـر لە دەوری خـۆی کۆدەکـاتەوە و ڕۆڵێکـی سەرەکی دەبینێت لە بەرەوپێشـچوونی ڕەوتـی ڕووداوەکـان و هەڵکشـان و داکشانی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان.

لە سـەرەتای دەقەوە ڕۆمـاننووس ڕۆمـانەکەی بـۆ باسـکردنی ژیـانی ئەو ئەفرانـدووە، بـۆیە هەر لە دەسـپێکدا ڕووبەڕووی کێشــە و گرفـت و ململانێکـــان دەبێـــتەوە و ((لەگەڵ واقیعـــدا کارلێـــک دەکـــات و لەگەڵ هەسـتکردنی بەو هەمـوو ناخۆشـی و ئاسـتەنگانەی کە دێنە پێشـی، کەچـی ڕادەسـتی واقیـع نابێـت، ئەگەر لە کۆتاییـدا سـەریش نەکەوێـت، ئەوا هەر هەوڵی خۆی دەدات، بە سـەرکەوتنیشی یـان شکسـتی بەشـێک یـان تەواوی ڕۆمانەکە کۆتایی پێدێ)). (شێخانی، ٢٠١٤، ل٣٨)

بەپێــی دابەشــکردنەکانی (ئەی . ئــیم. فۆرســتەر) کە لە پەرتــووکی (بنەماکانی ڕۆمـان)دا بۆ کـارەکتەری کردووە، دوای ئەویش ڕەخنەگرانـی تـری وەکـو (یـان مانفریـد) لە پەرتـووکی (زانسـتی گێـڕانەوە)دا و (ڕۆلان بۆرنۆف و ریـال ئۆئیلیە) لە پەرتـووکی (جیهـانی ڕۆمـان)دا و هتد، هەمـان دابەشـکارییان بە کەمێـک دەسـتکارییەوە لە ڕووی زاراوەوە بـۆ کـارەکتەر کردووە، ئەم کارەکتەرە لە ڕووی پێکهاتەوە دوو جۆرە:

**١- کـارەکتەری سـەرەکیی نەگـۆڕ:** کـارەکتەرێکی سـەرەکی زۆربەی ڕۆمانە ئایدیۆلۆژییەکانە، ((کارەکتەرێکە لە کێشـەکانیدا سادەیە، ئاڵۆز نییە، خـاوەن یەک سیفەت، یـان یەک سـۆزە، لە سـەرەتای ڕۆمـانەوە تـا کۆتـایی هەر وا دەمێنێتەوە)). (هلال، ١٩٧٣، ص٥٦٥)

**٢- کــارەکتەری ســەرەکیی گــۆڕاو:** بەوە ناسـراوە کە هەمیشــە لە گۆڕاندایە ((لەڕووی بنیادەوە ئاڵۆزە و بە گوێرەی ڕووداوەکـان و گـۆڕانی بـارودۆخە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکـان، قۆنـاغ بە قۆنـاغ گەشـە دەکـا و خـوێنەر ناتوانێـت بە ئاسـانی لە یەکەم هەنگـاوی ناسـینەوە بڕیـار لەسـەر چارەنووسی بدات)) (ئەلوەنی، ٢٠٠٩، ل٧٣).

**ب- جۆرەکانی بگێڕەوە**

بگێـڕەوە بەوەی کە یەکەمـین پێکهـاتەی هـونەری گێـڕانەوەیە، بـۆیە بووە بە یەکێک لە توخمە گرنگ و ئاڵۆزەکانی بواری گێڕانەوە و ڕەخنەی ڕۆمان و چیرۆک.

**پێناسەی بگێڕەوە**

بۆ زانینی چەمک و پێناسەی بگێڕەوە، بەم پرسیارانەی (ژیرار ژینێت) دەستپێدەکەین کە دەڵێت: ((کێ بگێڕەوەیە؟ یان کێیە دەبینێت؟ یان کێیە قسە دەکات؟)). (جینیت، ١٩٨٨، ص١٩٨)

ئەوەی دەگێـڕێتەوە نووســەر، یـان بگێـڕەوە، یـان کارەکتەرەکـانن، ئەوەی دەبینێت، پێگەی بگێڕەوە دیاری دەکات بە بینین لە دواوە، بینین لەگەڵ، بینـین لە دەرەوە. ئەوەی قســە دەکـات، بگێـڕەوەیە، یـان بە زاری کەسێکی تر قسە دەکات. بەرسڤدانەوەی ئەم پرسیارانە کارێکی وا سادە و ئاسان نییە، پێشتر توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە مشتومڕی زۆریـان لە بــارەوە کــردووە، هەنــدێکیان لە پێناســەکانیاندا ورد نەبــوونە بــۆ جیاکردنەوەی ڕۆماننووس و بگێڕەوە و کارەکتەرەکان لە یەکتر.

ڕۆمـاننووس بوونەوەرێکی زیندووە، هەرچی بگێڕەوە و کـارەکتەرە، دوو کەرەستەی زمانین بە دەست ڕۆماننووسەوە، بۆ ئەوەی باریان بکات بە تێڕوانینی خۆی لەمەڕ کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە و لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆماندا ڕۆڵیان پێبدات. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە لێرەدا تەنیا سێ پێناسە دەخەینەڕوو:

(وەڵفگانـگ ئـایزەر) دەڵێـت: ((بگێـڕەوەی ڕۆمـان خـودی نووسـەرەکە نیـیە، بەڵکـو کەسـێتییەکی خەیـاڵییە و نووسـەرەکە خـۆی لە بەرگـی ئەو نــاوە)). (مــۆلفین، ١٩٩٢، ص١١٣). (ئــایزەر) کەســێتیی ڕاســتەقینە و کــارەکتەری خەیـاڵی دەکـاتە پێـوەر بـۆ جیـاکردنەوەی ڕۆمــاننووس و بگێڕەوە لە یەکتری و پێیوایە بگێڕەوە ئامرازێکە بۆ گێڕانەوەی ڕووداو و پێشکەشــکردنی کــارەکتەری ســەرەکی بە خــوێنەر. بەم پێــیە ژیــانی ڕاستەقینەی نووسەر زۆر جیاوازە لە ژیانی بگێڕەوە لەناو دەقی ڕۆماندا،

چونکە بگێڕەوە بوونێکی وەهمی هەیە و جیاوازە لە خودی کارەکتەریش. نە نووسەر بگێڕەوەیە و نە بگێڕەوەش دەبێ بە کارەکتەر، ئەرکی هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە. نووسەر ئەفرێنەری دەقی ئەدەبی و هەموو پێکهاتەکانی ناویەتی، هەرچی بگێڕەوەیە، ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنی کارەکتەرە لە زەمەنی ئێستادا.

هەروەها (میشال بۆتۆر) ئاماژە بە وەهمیەتی بگێڕەوە دەکات و دەڵێت: ((بگێڕەوە لە ڕۆماندا تەنیا گوزارشت نییە لە جێناوێکی قسەکەر، وەک چۆن گوزارشتیش نییە لە خودی نووسەر، لەبەرئەوەی نابێت ڕۆبنسن و دیڤو، یان مارسیل و پرۆست تێکەڵ بەیەک بکەین. بگێڕەوە خۆی کەسێتییەکی وەهمییە، بەڵام لە نێوان ئەو کۆمەڵە کەسێتییە وەهمییانەدا، کە بێگومان هەموویان بە جێناوە نادیارەکان دادەنرێن، نووسەر و کەسایەتیی نووسەر دەنوێنن. هەروەها نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، کە نوێنەرایەتیی خوێنەر و ئەو بۆچوونانە دەکات، کە نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات)). (بوتور، ١٩٧١، ص٦٥).

ئەم بۆچوونەی (بۆتۆر) ئاماژەیە بە جیاکردنەوەی خودی ڕۆماننووس و بگێڕەوە و کارەکتەر، ناکرێ نووسەر وەکو بگێڕەوە و کارەکتەر بێ لەناو دەقی ڕۆماندا، چونکە بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمان خەیاڵین و ئەوەی کاری گێڕانەوەکەش ئەنجام دەدات دەبێ توخمێکی خەیاڵی بێت. نووسەر تەنیا لە ژیاننامەی خودیدا دەتوانێت ببێتە بگێڕەوە، کاتێک بەسەرهاتە ڕاستەقینەکانی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەر نووسەر لەناو دەقەکەیدا ئەو ڕۆڵەی پێدرا، ئەوا دەقەکەی دەبێتە ژیاننامە و بیرەوەری و ڕۆمان تایبەتمەندییە هونەرییەکانی خۆی لە دەست دەدات و ناکرێ وەکو دەقێکی ڕۆمان سەیر بکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە، دەبینین ڕەخنەگرێکی وەکو (محمد عزام) ڕووداوی ڕاستەقینە و خەیاڵی لە یەکتر جیانەکردووەتەوە و پێیوایە ((بگێڕەوە ئەو کەسەیە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، یان بەسەرهاتێک باس دەکات، جا ئەو ڕووداوە ڕاستەقینە بێ، یان خەیاڵی، مەرجیش نییە ناوێکی دیاریکراوی هەبێت، دەشێ جێناوێک بکاتە دەمامکی خۆی، یان بە پیتێک ئاماژەی پێبکات)). (عزام، ٢٠٠٥، ص٨٣). ناکرێ ئێمەش هەمان ئەو هەڵەیە دووبارە بکەینەوە، کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان و ژیانی کارەکتەرەکان بە ڕووداوی ڕاستەقینە هەژماربکەین. ئەمجۆرە گێڕانەوەیە، تەنیا بە گەمەیەکی هونەری دادەنرێ، هەروەکو (ئالان ڕۆب گرییە) دەڵێت: ((من نە هێنری میشۆم، نە ساموێل بیکیت، من هەمیشە گەمەم کردووە)). (نووسەر، ٢٠١٢، ل٥٢)

بەم شێوەیە بۆ پێناسەکردنی بگێڕەوە دەتوانین بڵێین: بگێڕەوە ئەو توخمە هونەرییەیە، کە ئەرکی گواستنەوەی جیهانبینیی نووسەرە لە ڕێی کۆمەڵێ کارەکتەر و ڕووداو و وەسفی شوێنەوە، کە نووسەر بەمی سپاردووە.

لە ڕوانگەی ڕەخنەگران و تیۆرناسانی بواری گێڕانەوەوە، جۆرەکانی بگێڕەوە بە زۆر شێوە دابەشکراوە، کە ئەمانە سەرەکیترین جۆرەکانیەتی:

**١- بگێڕەوەی هەمووشتزان:**

وەکو لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، بگێڕەوەیەکە هیچی لێ شاراوە نییە و هەموو شتە ئاشکرا و شاراوەکانی کارەکتەری سەرەکی دەزانێت و دەسەڵاتێکی تەواوی لەلایەن نووسەرەوە پێدراوە بۆ ئەوەی هەموو زانیارییە شاراوەکانی ناخی کارەکتەری سەرەکی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات، دەربەستی ئەوەش نییە، کە ئەوە ڕوونبکاتەوە چۆن ئەو

زانیارییانەی دەستکەوتووە. هەر ئەمەش وای لە خوێنەر کردووە ناچار نەبێت پرسیاری ئەوە بکات، زانیارییەکانی بگێڕەوە لە کوێوە هاتوون، چونکە هەستێکی وای لا دروستبووە، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە سەبارەت بە ڕووداو، و کارەکتەرەکان لە واقیعدا هەن و ڕوویانداوە. تەنانەت خوێنەر توانای ئەوەشی نییە هەست بەو نهێنییانە بکات، کە بگێڕەوە لێی شاردوونەتەوە. بۆیە لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا خوێنەر هەمیشە دوای زانیارییەکانی بگێڕەوە دەکەوێت.

(تۆدۆرۆف) بەم جۆرە پێناسەی بگێڕەوەی هەمووشتزان دەکات و دەڵێت: ((لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا بگێڕەوە زیاتر دەزانێت لە کارەکتەر و زانیاریی ئەوەی هەیە، کە چی لە بیر و هزری کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەخولێتەوە، دەرک بە حەزە شاراوەکانیان دەکات)). (لحمداني، ۲۰۰۰، ص٤٧)

پەنابردنی نووسەر بۆ بەکارهێنانی ئەم بگێڕەوەیە بۆ ئەوەیە، تا لە ڕێیەوە ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر کارەکتەرەکاندا بسەپێنێ. بە واتایەکی تر هەموو ڕووداو، و کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی یەک ئایدیۆلۆژیای دیاریکراودا دەخولێنەوە، کە ئایدیۆلۆژیای نووسەرە، وەک لە ڕۆمانەکانی (تاکدەنگی)دا دەردەکەوێت، کە دەرفەت بۆ دەنگ و بۆچوونی جیاوازی کارەکتەرەکان ناهێڵێتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە نووسەر و بگێڕەوە زۆر لە یەک نزیک ببنەوە، بەڵام هەمیشە نێوانێک ئەم دووانە لە یەکتر جیادەکاتەوە و نابن بەیەک، چونکە بگێڕەوە ((ناسنامە بە کارەکتەرەکان نادات و ئەو کارەکتەرانە کۆمەڵە بوونەوەرێکی زمانین، کە نووسەر دەیانخولقێنێ. ئەرکی حەکایەتخوانیش وەک نوێنەری دەسەڵاتی چیرۆکنووس ئەوەیە وێنەی کارەکتەر و ناسنامەی ئەوان لە زەینی نووسەرەوە پێشکەش بە خوێنەر بکات. کەواتە کاری حەکایەتخوان لەناو

چیرۆکدا، کارێکی هونەرییە نەک کاری دامەزراندنی دەق و وێنەگرتنی کارەکتەر و بنیادنانی هزر و هۆشی ئەوان)). (ئەڵوەنی، ٢٠١٥، ل٢٢)

ئەو جێناوەی لە شێوازی گێڕانەوەی هەمووشتزاندا بەکاردێت، جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاکە، کە کۆنترین و باوترین جێناوی گێڕانەوەیە. تایبەتمەندیی بەکارهێنانی ئەم جێناوە لەلایەن بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە ئەوەیە، کە پابەندی کات و شوێن نابێت و بە ئارەزووی خۆی لە دەستپێک تا کۆتایی ڕۆمانەکە بوونی هەیە و بوارێکی فراوانی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ڕۆمانەکەدا گوزەر بکات. (عبدالله، ١٩٨٦، ص٨٦) بەم شێوەیە ئەوە دەردەکەوێت، کە بگێڕەوەی هەمووشتزان پێگەکەی لە دەرەوەی ڕووداوەکانە و هەرگیز بەشداریی ڕووداوەکان ناکات و لە دواوە دەوەستێت، شێوازی گێڕانەوەکەشی شێوازێکی بابەتییە.

## ٢- بگێڕەوەی هەمانشتزان:

بەوە دەناسرێتەوە، هەمان ئەو زانیارییانەی لایە، کە لای کارەکتەری سەرەکی هەیە، چونکە ((ئەگەر جێناوی کەسی یەکەم بەکارهات، ئەوا تەنیا ئەو شتانە دەبینن، کە دەکەوێتە بەر هەست و هۆشی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان لە ڕووی بینینی تایبەتییەوە)). (شاروني، ١٩٧٧، ص٧٠)، بەڵام هەندێ لە ڕەخنەگران بۆچوونیان وایە، کە دەشێ بگێڕەوەی هەمانشتزان جگە لە جێناوی (من)، جێناوی (ئەو)ی نادیاریش بەکاربهێنێت.

(تۆدۆرۆف) پێیوایە: ((ڕەنگە هەردوو جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەر و کەسی سێیەمی نادیار لەم گێڕانەوەیەدا بەکاربهێنرێن، بەڵام مەرجە هەموو کات بەپێی بینینی هەمان کارەکتەری ڕۆمانەکە بێت بۆ

ڕووداوەکان، چونکە بگێڕەوە لەوانەیە بایەخ بە یەک کارەکتەر، یان چەند کارەکتەرێک بدات)). (اسعد، ١٩٧٨، ص٩)

بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە بەو مانایە نایەت، کە ئەو بگێڕەوەیە لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا بوەستێت و زانیاریی لەبارەی کارەکتەر و ڕووداوەکان و کات و شوێنی ڕووداوەکان زیاد بکات، چونکە بگێڕەوە شوێنی وەستانی هەر لە ناوەوەیە و لە ڕوانگەی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە ڕووداوەکان دەبینێت. بۆیە بەکارهێنانی هەر جێناوێک لەو جێناوانەی باسمانکردن لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە، دەبێت تایبەتمەندی و سروشتی ئەم جۆرە بگێڕەوەیە بپارێزێت.

بگێڕەوە کاتێک بە جێناوی (من) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لە پشت کارەکتەری سەرەکییەوە وەستاوە، بە زاری ئەو دەگێڕێتەوە بە شێوەیەک کەوا هەست دەکرێت هیچ پانتاییەک لە نێوان بگێڕەوە و کارەکتەردا نامێنێت. یانیش لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە، لێرەدا بگێڕەوە بە جێناوی (من)ی قسەکەر ڕووداوەکانی ڕابردووی ئەم کارەکتەرە دەگێڕێتەوە. واتە ((بگێڕەوە لە کاتی ئێستادا باسی کردارەکانی کارەکتەرێک دەکات کە لە کاتی ڕابردوودا کردوویەتی)). (العید، ١٩٩٠، ص٩٥) ئەمەش وای لە هەندێک لە ڕەخنەگران کردووە، کە بگێڕەوە و کارەکتەر بە یەک توخم بزانن.

ئەو جێناوی (من)ە، (من)ی ڕۆماننووس نییە، هەروەها (من)ی کارەکتەریش نییە، بەڵکو (من)ی بگێڕەوەیە لە کاتی ئێستادا، کە باسی بەسەرهاتی ڕابردووی (ئەو)ی کارەکتەری سەرەکی دەکات. ڕۆماننووس کاتێک بگێڕەوەیەک یان زیاتر لە بگێڕەوەیەک ڕادەسپێرێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداو، و پێشکەشکردنی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لە چەندین ڕوانگەی

جیاوازەوە، بەهۆیەوە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان نووسەر و دەقەکەی دروست دەبێت، بەمەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە دەق بەسەر خۆیدا دادەخات و لە نووسەرەکەی دادەبڕێت. بگێڕەوەی هەمانشتزان لەناو دەقدایە و لەوێوە ڕووداو و کارەکتەرەکان پێشکەشدەکات.

## ٣- بگێڕەوەی کەمشتزان:

ئەم بگێڕەوەیە وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، بگێڕەوەیەکە کەمترین زانیاریی لە بارەی کارەکتەر و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان دەزانێت. زانیاری لەبارەی ڕووداوەکان لە زانیاریی گشت کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان (سەرەکی و لاوەکی) کەمترە. تەنانەت توانای ئەوەی نییە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان ئاشکرا بکات، تەنیا لە دەرەوە وێنەی جووڵە و کردارەکانی ئەوان پیشاندەدات ((بگێڕەوەیەکی ئامادەیە، بەڵام لە دەرەوە گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات بێ ئەوەی دەست وەربداتە ناو ڕووداوەکان و شیکردنەوەی بۆ بکات. واتە لە دەرەوەی ڕووداوەکانە و خۆی بەشداری ڕووداوەکان نییە. ئەو بگێڕەوەیە وەکو ئەو چاوە وایە، کە تەنیا شتی بینراو لە سنووری بینیندا دەگوازێتەوە، هەروەها وەکو ئەو گوێچکەیە وایە، کە شتی بیستراو لە سنووری مەودای بیستندا دەبیستێت)). (العید، ١٩٩٠، ص١٠٠). بەمەش ئەرکی ئەم بگێڕەوەیە دەردەکەوێت، کەوا نە توانای ئەوەی هەیە نەستی کارەکتەرەکان شیبکاتەوە، نە توانای ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانیشی هەیە، نە پێشبینی داهاتووشیان بکات، تەنیا وەکو کامێرایەکی جووڵاو ئەو شتانەی دەوروبەری دەگوازێتەوە، کە دەکەونە بەر زوومی کامێراکەی بێ ئەوەی توانای هەبێت ئەو دیوی شتەکان ئاشکرا بکات، ئەمەش ئەرکی خوێنەر زەحمەت دەکات لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوانە و ناسینی کارەکتەرەکان.

بەو پێیەی خوێنەر وەکو بینەرێک سەیری ڕووداوەکان دەکات، دەبێت خۆی لێکدانەوە و شرۆڤەی کار و کردەوەکانی کارەکتەرەکان بکات، بەم شێوەیەش ئەو دەسەڵاتەی، کە لە بگێڕەوە وەردەگیرێتەوە، بە خوێنەری دەبەخشرێت و دەبێتە خوێنەرێکی چالاک و کارا.

کەمکردنەوەی ڕۆڵی بگێڕەوەی هەمووشتزان وایکرد، کەوا گۆڕان لە پەیوەندیی نێوان نووسەر و دەقی ڕۆمانیش دروست بێت. بە هەڵبژاردنی بگێڕەوەی کەمشتزان، دەسەڵاتی خۆی لەناو دەقدا کەمکردەوە، بەمەش وایکرد کارەکتەرەکان ئازادانەتر هەڵسوکەوت بکەن و ملکەچی ئایدیۆلۆژیای نووسەر نەبن. ئەمەش کار دەکاتە سەر لایەنی هونەریی ڕۆمان و، وا لە کارەکتەرەکان دەکات، زیاتر پشت بە شێوازی گفتوگۆ ببەستن لە بنیادنانی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا.

ئەو جێناوەی کە ئەم بگێڕەوەیە بە کاری دەهێنێت، جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی نادیارە، شێوازی گێڕانەوەکەش شێوازێکی بابەتییە.

(مستەفا مەستور) لە باسی ڕوانگەی ئەم بگێڕەوەیەدا دەڵێت: ((ئەم ڕوانگەیە بە یەکێک لە لقەکانی ڕوانگەی بگێڕەوەی کەسی سێیەم دادەنرێت. لەم ڕوانگەیەدا بگێڕەوە وەکو بگێڕەوەی هەمووشتزانە، بەڵام تەنیا گوزارشت لەوە دەکات کە دەیبینێت)). (مستور، ١٣٨٤، ص٣٨)

## تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان کارەکتەری سەرەکی و بگێڕەوە لە (ڕۆمان)دا

ڕۆمان دەقێکی گێڕدراوەیە و جۆرەکانی پەیوەندیی نێوان کارەکتەری سەرەکی و بگێڕەوە لەخۆدەگرێت. توخمی کارەکتەریش کە توخمێکی سەرەکیی پێکهاتەی ڕۆمانە، بگێڕەوە ڕۆڵی هەیە لە دەرخستنی ئەو توخمە

لەنـاو دەقـی ڕۆمانـدا، کە بە دوو شـێوە دەیانخـاتەڕوو، ئەوانـیش شـێوەی ناڕاســتەوخۆ (پــانۆرامی)، کە شــێوازی بابەتیشــی پێــدەگوترێت، یــان بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ (درامـی)، یـان نمایشـکردن، کە شـێوازی خودیشـی پێدەگوترێت.

**أ- شـێوازی ناڕاسـتەوخۆ:** لەم شـێوازەدا بگێـڕەوە هەمووشـتزانە و جێناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو) بەکاردەهێنێت و کاتی گێڕانەوەکەشی ڕابردووە، ڕواڵەتەکانی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی وەسفەوە بە خوێنەر دەگەیەنێـت ((یەکێـک لە پـایە گرنگەکـانی کارەکتەرسـازی ناڕاسـتەوخۆ، وەسفی ماتریالیی کارەکتەرەکانە. لەم جۆرە وەسفەدا حیکایەتخوان سوود لە وەسـفکردنی بـاڵا و دەم و چـاو و جـل و بەرگ و سـیمای دەرەوەی کــارەکتەر وەردەگرێــت، بــۆ ئەوەی وێنەیەکــی بەرجەســتەی ئەومــان پێشکەشبکات، یان بەکاریبهێنێت، بۆ ئەوەی باری دەروونیی ئەومان بۆ ڕوون بکــاتەوە)). (ئەڵــوەنی، ٢٠٠٩، ل١٣٠). بەمەش بگێــڕەوە دەســەڵاتی تەواوی هەیە بە مەبەســتی پیشــاندانی ڕوخســاری دەرەوە و بــاری دەروونیــی کارەکتەرەکــان. لێــرەدا بگێــڕەوە شــۆڕدەبێتەوە نــاخی کارەکتەرەکـان و ناخیـان بـۆ خـوێنەر ئاشـکرا دەکـات، هەروەهـا هەمـوو لایەنەکانی ڕەهەندی فیزیکی، وەکو کورتی و درێژیی باڵا و پۆشاک و ئەو کەرەستانەی بەکاریدەهێنێت، وێنە دەکێشێت و بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە، چـونکە ((جـل و بەرگ گوزارشـت لە جەسـتەی خـاوەنەکەی دەکـات، لە هەمان کاتیشـدا گوزارشـت لە ئاسـتی کۆمەڵایەتی و دەروونیی دەکات)). (شـێخانی، ٢٠١٤، ل٦٢) بـۆ نمـوونە ئەو جـلەی کـارەکتەر دەیپۆشـێ، گوزارشتە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی کارەکتەر، بێ ئەوەی بگێڕەوە ئاستی هەژاری و دەوڵەمەندی و بەشێک لە کەسایەتیی کارەکتەرمان بۆ باس بکات.

باری دەروونیی کارەکتەری سەرەکی ڕەهەندێکی گرنگە، کە بگێڕەوە دەیخاتەڕوو، ((کە لە بەرئەنجامی کاردانەوەی خود لەگەڵ دەوروبەردا و کاریگەریی دەوروبەر بەسەر خودی ڕەفتارەکانی کارەکتەرەکانی)) (دەوڵەت، ٢٠١١، ل١٠٤)، ناو ڕۆمان دەردەکەوێت. جگە لەمەش ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی، ئەرکێکی تری بگێڕەوەی هەمووشتزانە، کە ئایدیۆلۆژیای نووسەر بەسەر کارەکتەری سەرەکیدا دەسەپێنێ و ملکەچی یەک ئایدیۆلۆژیای دەکات، بەمەش کارەکتەر دەکاتە دەمامکی خۆی بۆ سەپاندنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لەناو دەقی ڕۆماندا، بەم شێوەیەش دەقەکە دەبێتە دەقێکی تاکدەنگی (مۆنۆفۆنی).

ب- شێوازی ڕاستەوخۆ (درامی): لەم شێوازەدا بگێڕەوە دەسەلاتی سنووردارە و کەمتر دەستێوەردان لە ڕووداو و پێشکەشکردنی کارەکتەردا دەکات و ڕێدەدات کارەکتەر بە خۆی باسی خۆی بکات و خوێنەر لە ڕێی هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ئەوەوە ئاشنای ببێت. واتا بگێڕەوە ((هیچ شتێک ناکات و پوختەی ئەنجام و لێدوان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، ئینجا ئەمە لە میانی ئەو ڕووداوانەوە بێت، کە کارەکتەر بەشداری تێدا دەکات، یان لە ڕێگەی تێڕوانینی ئەو کارەکتەرەوە بێت بۆ ئەوانی تر)). (بحراوي، ١٩٩٠، ص٢٢٣)

لەم شێوازەدا، بگێڕەوە، ڕێگە بە کارەکتەرەکان دەدات بە خۆیان گوزارشت لە گۆشەنیگای خۆیان بکەن و ئازادیی زیاتر بە خوێنەر دەدات لە هەڵسەنگاندنی کارەکتەرەکان و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانیان، بە پێچەوانەی شێوازی ناڕاستەوخۆ، کە زیاتر پشت بە وەسف دەبەستێت، ئەم وەسفەش ڕێگە بە خەیاڵفراوانی و ئازادیی خوێنەر نادات.

ڕاسته له شێوازی ڕاستەوخۆدا دەسەڵاتی بگێڕەوە کەمترە و زیاتر دەرفەت بە خوێنەر دەدرێت شرۆڤە و لێکدانەوەی خۆی بۆ کارەکتەر بکات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە بگێڕەوە بوونی نەبێت، تەنانەت لەو ڕۆمانانەشدا کە پشت بە جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەر دەبەستن، بگێڕەوەیەک هەیە و ئەو (من)ەی کە لە گێڕانەوەدا ڕۆڵی بگێڕەوە دەبینێت، خودی کارەکتەر نییە، هەروەک چۆن خودی نووسەریش نییە، بەڵکو (من)ی بگێڕەوەیە، کە خۆی لە پشت کارەکتەر حەشارداوە. بۆ نموونە ((پەرداخێک ئاوم خواردەوە، لێرەدا ئەو (من)ەی کە باسی خواردنەوە دەکات، (من)ی بگێڕەوەیە، کەچی ئەوەی خواردییەوە، (من)ی کارەکتەرە)). (برنس، ٢٠٠٣، ص١٥٩) بە گوێرەی ئەم نموونەیە، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە بگێڕەوە کرداری کارەکتەر لە ئێستادا دەگێڕێتەوە، کە لە ڕابردوودا ئەنجامیداوە.

بگێڕەوە لە شێوازی ڕاستەوخۆدا باری دەروونیی کارەکتەر و سۆز و هەڵچوونی بەهۆی کاریگەریی کارەکتەرەکانی ترەوە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە پیشاندەدات، هەروەها ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیش هەر لە ڕێی ڕەفتاری کارەکتەرەوە پیشانی خوێنەر دەدات، ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانیش لەناو دەقی یەک ڕۆماندا پیشاندەدرێن، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی).

**بەشـی دووەم: شـێوازەکانی پێشکەشـکردنی کـارەکتەری سـەرەکی لە نموونەی ڕۆمانەکاندا**

**١-شێوازی پێشکەشکردن لە دواوە (هەمووشتزان):**

بگێڕەوەی هەمووشتزان کارەکتەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات.

لە ڕۆماندا کارەکتەری سەرەکی شوێن و پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخـان دەکرێـت، لەبەر ئەوە ((ناتوانرێـت بە یەک ڕسـتە یـان چەنـد ڕستەیەکی کەم گوزارشتی لێبکرێت)) (موير، ١٩٦٥، ص١٣٨)، بەتایبەتی لە کاتی بنیادنانیدا.

بۆ ئەوەی بگێڕەوەی هەمووشتزان هەموو لایەنەکانی ژیانی (شێخاڵ) کـارەکتەری سـەرەکی (نۆرینگ)مـان بـۆ ئاشـکرا بکـات، پێویسـتیی بە کۆمەڵێـک لایەن هەیە کە زەمینەسـازییان دەوێـت، تـا لە وێنەکێشـانی کارەکتەری سەرەکیدا بڕوا بە خوێنەر بهێنێت و هیچ جۆرە ناکۆکییەک لە نێـوان ئەو هـونەرانەی کە بەکاریانـدێنێت، لەگەڵ هەڵسـوکەوتی ئەودا دروست نەبێت. واتە پەیوەندییەکان دینامیکییانە بن، نەک دروستکراوییان پێوە دیار بێت.

بگێڕەوەی هەمووشـتزان، دەسـەڵاتێکی بێسنووری هەیە و ئاگـاداری دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەری سـەرەکییە و هزر و بیرکردنەوەی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

لەبەرئەوەی یەکێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی کـارەکتەری سـەرەکی، بەشـداریکردنی کـارایە لەنـاو ململانێکانـدا، هەر لە سـەرەتادا ڕووبەڕووی کێشـەکان دەبێـتەوە، (شـێخاڵ)یش کە کـارەکتەری سـەرەکییە، هەر لە

ســەرەتاوە هەســت بەم ململانێــیە دەکــات و بگێــڕەوەش ئەم هەســتەی ناوەوەی ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات: ((کەتنکەر، دەزانیت منداڵەکانی (مینە بەگ) پێڕاگەیشــتوون و عەشــیرەتەکەی خۆیــان، هەمــوو کــۆکردۆتەوە. هەمــوو ڕۆژێ هەڕەشــە و گەف و گــوڕت بــۆ دەنێــرن و خــوێنی باوکیــان لەمــل تــۆ شــەتاوە. داوای تــۆڵە و داوای بەشــە مــوڵکی خۆیــان دەکەنەوە، تــۆش گەڕای گەڕای کەســت نەدیــتەوە ئــێمە نەبــێ ... مرخــت لەم خەڵــکە خۆش کردووە، دەتەوێ خۆت بکەی بەخاوەنیان و ببیتە سەرۆک خێڵیان، ئەوانیش ببنە چەکدار و پاسەوانت، ... دنیا هەر وا بووە و هەرواش دەبێ، ... خەڵک هەمــوو خەڵــک یــا ڕاوکەرن یــا ڕاو دەکــرێن)) (بەرزنجــی، ٢٠٠٦، ل١٧).

بگێــڕەوەی هەمووشــتزان بە پیشــاندانی دیــوی نــاوەوەی کــارەکتەری ســــەرەکی، لە دوو ڕووەوە زانیاریمــــان دەداتــــێ، لە لایەک چــــاوچنۆکی و دەستدرێژیی (بەکراغە) لە ڕابردوودا دەردەخات، کە چۆن دەستی بەسەر گونــــدەکانی دەوروبەری خــــۆی داگرتــــووە، ئێســــتاش چــــاوی بڕیــــوەتە گونــــدەکەی ئەوان، لە لایەکــــی تــــرەوە تێگەیشــــتنی (شــــێخاڵ) بــــۆ ئەم دەســــتدرێژییە و هەمــــوو دەســــتدرێژییەکانی پێشــــوو لە مێــــژوودا، کە کراونەتەســـەر مـرۆڤە بێدەسـەڵاتەکان پیشـاندەدات، کە پێیـوایە مـرۆڤ یـا ستەمکارە یا ستەملێکراو. جگە لەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات، کە (مینە بەگ) بە دەستی (بەکراغە) و پیاوەکانی لە ڕابردوودا لەناوچووە، ئێستاش کە منداڵەکانی پێگەیشتوون داوای خوێنی باوکیانی لێ دەکەن.

بگێڕەوە ئەگەرچی هەمووشتزانە، بەڵام ئەو زانیارییەمان پێنادات، کە ئایا (مینە بەگ) بە چ شێوازێک لەناوبراوە و ئاماژە بە ڕەگەز و ژمارەی منداڵەکانیشــــی ناکــــات، بەڵام هەر ئەوەنــــدەمان زانیــــاری دەداتــــێ، کە لە منــداڵێک زیــاتری هەیە. لە بەرانبەریشــدا بگێــڕەوە کە باســی (بەکــراغە)

دەکـات، تەنیـا باسـی خـۆی و پیاوەکـانی دەکـات و هـیچ زانیارییەکمـان لەبـارەی ئەوە پێنـادات، کە ئایـا ژن و منـداڵی هەبـووە، یـاخود نـا. ڕەنگە نەبوونی خزم و خێزانیش یەکێک لە هۆکارەکان بێت، کە (بەکراغە) پەنا بۆ خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری دەبات تاوەکو پارێزگاریی لێبکەن. بەمەش بگێڕەوەی هەمووشـتزان ئـازادە لە پێدانی بڕی ئەو زانیارییـانە لەبـارەی کـارەکتەر بە خـوێنەر و توانـای ئاشـکراکردنی هەمـوو لایەنێکـی ژیـانی کارەکتەری سەرەکیی هەیە.

لە (مرۆڤە کۆیلەکان)یشدا بگێڕەوە ئەو سەختی و ناخۆشییانەی، کە کـارەکتەری سـەرەکی لە ژیانیـدا پێیدا تێپەڕیوە، دەکـاتە مۆنۆلۆگێک و لە زەینی ئەوەوە پێشکەشمانی دەکات: ((لە دڵی خۆیا دەیوت دەبێ مێژوو نوسێک پەیدابێ تـا هەمـوو ئەو شـتانەم بـۆ بکـاتە مێژوو، یـان نوسـەرێک پەیدا بێت هەمـوو ڕوداوەکـانم بـۆ بکـاتە چیرۆک !؟)). (بەرزنجی، ٢٠١٥، ل٢٣) بەمەش بگێـڕەوە شـۆڕدەبێتەوە نـاخی کـارەکتەر و زانیاریمـان لەبارەی بیرکردنەوە پەنهانەکانی پێدەدات.

بگێـڕەوەی هەمووشـتزان لە (نۆرینـگ)دا زانیارییەکـانی سـەبارەت بە (شێخاڵ) و ساڵی لەدایکبوون و ئەندامانی خێزانەکەی و باری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و پەرش و بڵاو لە لاپەڕەکانی (٤٢، ٧٦، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩٠ و ٩١)ی ڕۆمـانەکەدا دەخـاتەڕوو. بە کـۆکردنەوەی ئەم پارچـانە بۆمان دەردەکەوێت، کە (شێخاڵ) کارەکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکە، کوڕی (بـرایم سـەیدۆک)ە و ئەمە بە تەکنیکـی فلاشـباک بگێـڕەوە لە زەینـی (شـێخاڵ)ەوە، لە لاپەڕە (٨٨)ی ڕۆمـانەکەدا ئاشـکرای دەکـات: ((قسـەکانی باوکی کەوتەوە یاد، گوڕ و تینی جارانی وەبەر هێنایەوە: (گەر من) برایم سەیدۆک بم... دەبێ بۆ باپیرە گەورەی هەمـوو دەعبا و دڕندەیەکت ئاقڵ بکەم.)) (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ل٨٨).

له گفتوگـۆی نێـوان (زادۆ) و (ئـۆمەر ئاشـەوان)یش له لاپەڕه (٤٢)دا، تەمەنیمـان بـۆ دەردەکەوێـت کاتێـک (ئـۆمەر ئاشـەوان) دەڵێـت: ((وتـراوه کەنگر و ماست بەوادەی خۆی... ئەمن بووم به شەست و یەک ساڵ، ئەو دوو جـــۆخینیش لەمـــن گەورەتـــره)). (بەرزنجـــی، ٢٠٠٦، ل٤٢). کەواته (شـێخاڵ) شەسـت و سـێ سـاڵی تەمەن بـووه و ئەنـدامانی خێزانەکەشـی پێکهـاتووه له خـۆی و هاوسـەری و دوو کـوڕی به ناوەکـانی (شـاخۆ و بـاغۆ) و کچێکیشـی هەیه به نـاوی (قـومری)، ئەمەش له چەنـدین شـوێنی ڕۆمانەکەدا باسکراوه، بەڵام له هیچ شـوێنێکی ڕۆمـانەکەدا، بگێـڕەوه نـاوی هاوسەرەکەیمان پێ ناڵێت، کەچی ناوی (ڕەخشان و قەلەباڵدار و کرمان و مەتان)، که ئاژەڵەکانی بوون، بۆ خـوێنەری ئاشکرا دەکات. لەم شێوازەدا، بگێـــڕەوه له دواوه دەوەســـتێ و زۆر چـــالاکه و کەمتـــر دەرفەت به لێکدانەوەی خوێنەر دەدات.

لەم ڕۆمـــانەدا کـــارەکتەری ســـەرەکی کـــارەکتەرێکی نەگـــۆڕ و پەرەنەسـێنه و له سـەرەتای ڕۆمـانەکەوه تـا کۆتـایی ڕۆمـانەکه، له سـەر هەمـــان بیروبـــاوەڕی خـــۆی مـــایەوه و لەو پێناوەشـــدا (ڕەخشـــان)، که ئەسـپەکەی بـوو دەکـوژرێ و خۆشـی برینـدار دەبێـت و ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکه به چەند دەستەواژەیەکی وتارئامێزی (شێخاڵ) کۆتاییـان پێدێت و دەڵێت: **((نا نا... سەردەمی قارەمانیەتی هێشتان بەسەر نەچووه، پاڵەوانه نەمرەکـان وجاخیـان ڕوونه...! لەگەڵ دوا سـاتی ماڵئاوایـیدا، بەڕێـز و نوازشەوه تینی دایه خۆی و بۆی هەڵسایەوه، هاوارێکی گریان ئامێزی له دەما بەرز بووەوه: (هاشا لەو گۆڕەی ناڵەی نایه... هاشا لەو گۆڕه!)))**. (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ل١٩٩)

ئەم دیاردەیه له (مرۆڤه کۆیلەکان)یشدا دووباره دەبێتەوه. بگێڕەوه زانیارییەکانی لەبارەی کارەکتەری سەرەکی (میرزا حەمەشـەریف) به پچڕ

پچـــــڕی لە لاپەڕەکـــــانی (٨، ٩، ١٢، ١٤، ١٧، ١٧٣، ٢٣٣، ٢٣٤ و ٢٤٣)ی ڕۆمانەکەدا باس دەکات، کە (میرزا حەمە شەریف) فەرمانبەرێکی میرییە و بڕوانامەیەکی ئەوتۆی نییە و خزمەتەکەی لە سی ساڵ نزیک دەبێتەوە و کەسـێکی دەسـتپاک و دڵسـۆزە، لەو کـاتەدا دەکـرێتە سـەرۆکی لیـژنەی دارایـی و نیشـتەجێی شـارە و بە تـۆمەتی ئەنجامـدانی گەنـدەڵی دەسـتگیر دەکرێت و دوای ئازادبوونیشـی دەچێتە گونـد و لە تەمەنـی نزیـک هەشـتا ساڵیدا دەمرێت.

(میـرزا حەمەشــەریف) کـارەکتەری ســەرەکییە و گـۆڕاوە بەهـۆی ئەوەی کە لە سەرەتادا کەسێکی دڵپاک و دەستپاک بووە و لە لیژنەکەیدا کاری بە ڕێنمایی و یاساکان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی پێدانی زەوی و ئۆتۆمبێـل و چەنـد دەسـتکەوتێکی دیـکە لەلایەن بەڕێوەبەری گشـتییەوە، هەڵسـوکەوتی گـۆڕا و بـووە کـارکتەرێکی پەرەسـێن، ئەوەتـا کاتێـک کە (میرزا) وەک سەرۆکی لیژنە لە کۆبوونەوەی مانگانەیاندا **((هەموو ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی بەڕێوەبەری گشتی هێنایەوە بەرچاوی خۆی و وەک خاڵی یاسایی هەژماری دەکردن... نەخشە پلانی لیژنەکەی بەئاراستەیەکی تـرەوە هەڵگێـڕایەوە... بەو شـێوەی کە بەڕێـوەبەری گشـتی ئـارەزووی دەکـرد، ئەویـش ئـاوا کـاری پـێ دەکـرد. هەروەهـا هەردوو ئەنـدامانی لیژنەکەی خۆی دڵنیاکرد، کە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی هەر ڕێنمـایی و فەرمانێکیان پێبدا، وەک بڕگەیەکی یاسایی دەیخەنە ناو خشتەی ڕۆژانەی کارەکانیـــانەوە))**. (بەرزنجـــی، ٢٠١٥، ٤٢ – ٤٣) لە بەشـــی دووەمـــی ڕۆمــانەکەدا ناوەکەشــی دەگـۆڕێ و دەبێـتە (لالـۆ میـرزا)، لە کەسـێکی خــانەدانی شــارەوە دەبێــتە کەســێکی لادێنشــین و بــاری دەروونیشــی تێکدەچێت.

بەمەش ڕۆماننووس لە پێشکەشکردنی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕۆمـانەدا (نۆرینـگ) و (مـرۆڤە کۆیلەکـان) پشـت بە بگێـڕەوەی هەمووشتزان دەبەستێت، کە زانیارییەکانی ئەم بگێڕەوەیەش سەبارەت بە کارەکتەرەکان بێسنوورە، بە تایبەتیش کارەکتەری سەرەکی.

## ٢- شێوازی پێشکەشکردن لەگەڵ (هەمانشتزان):

ڕۆماننووس لەبەر پێداویستیی تەکنیکی و بنیادی گێڕانەوە، نایەوێت هەموو ڕووداوێک لەلایەن بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە بگێڕێتەوە، بۆیە پەنـا دەبـاتە بەر بگێـڕەوەی هەمانشـتزان، کە لە پشـت کـارەکتەری سەرەکییەوە گێڕانەوەکەی ئەنجام دەدات. ئەمەش وا دەکات کە ((هەست بە ئێش و ئازاری کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرەکانی دیکە بکەین)). (بورنـوف – اوئیلـیە، ١٩٩١، ص١٧١). ئەمەش دەبێـتە هـۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوان کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرەکانی دیکە بەهێزتر بێـت و لە نـزیکەوە ئاگـای لە زۆر کێشـە و ململانێـی دیـکە هەبێـت. لەمبارەیەوە (أ.أ مندلاو) دەڵێت: ((لێرەدا نووسەر هەموو شتێک لە ڕێی زەینی یەک کارەکتەرەوە پێشکەش دەکات، کەچی کارەکتەرەکانی تر لە دەرەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، لە ڕێی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕن و ئەو ڕەفتارەی کە دەینوێنن. ئەم هەڵسەنگاندنەش لە ڕوانگەی کارەکتەری سـەرەکییەوە ئەنجـام دەدرێـت)). (منـدلاو، ١٩٩٧، ص١٣٦). هەر لەبەر ئەوەشـە ڕەخنەگرێکـی وەک (جـۆرج لۆکـاش) بەم کـارەکتەرە دەڵێـت: ((کارەکتەری خاوەن کێشە (پرۆبلماتیک).)). (نووسەر، ٢٠٠٩، ل١٤٣)، بە تایبەتی کاتێک لە گێڕانەوەی بەشێک لە بەسەرهاتەکاندا زانیاریی لەسەر نـاوەوەی کارەکتەرەکـان دەبێـت، وێـڕای ئەوەش هەرچەنـد لەو کارەکتەرانەوە نزیک بێت، زانیارییەکانی لە ئاستیان سنووردارە. کەواتە کـارەکتەری سـەرەکی ڕۆڵێکـی بنەڕەتـی هەیە لە پەرەسـەندنی ڕەوتـی

ڕووداوەکـــان و پرۆســـەی گێـــڕانەوەی دەقـــدا، کە هەر ڕۆماننووســـێک بە شێوەیەک ئەم ئەرکە بە کارەکتەر دەسپێرێت.

لە هەردوو ڕۆمـــانی (کـــانگەی بەڵا) و (گـــۆڕە درەوشـــاوەکان)دا، کە بگێڕەوەیان هەمانشتزانە، بگێڕەوە پشت بە کارەکتەری سەرەکی دەبەستێ بۆ ئەوەی زانیـاری لەبـارەی ئەو و کارەکتەرەکـانی دیکە بەدەسـتبهێنێ و پاشان بۆ خوێنەری بگوازێتەوە.

کەسایەتیی (دارا) لە ڕۆمانی (کانگەی بەڵا)دا وەکو ئەو کـارەکتەرەیە، کە ((ڕەشـبین و کەمـتەرخەمە. مرۆڤێکـی بێئومێـد و گۆشـەگیرە لە بزاڤـی کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی. نایەوێ ببێتە بەشێک لە کۆمەڵەکەی و کاری لێ بکات و بێ دەربەستە لەوەی کۆمەڵەکەی پێش بکەوێ یا دوا بکەوێ و زۆر جـــار بەرانـــبەر خەڵکـــی هەڵوێســـتی خـــراپ دەنـــوێنێ، لەوانەشـــە هەڵوێسـتێکی دوژمنکـارانەی ڕووخێـنەر دژ بە کـۆمەڵەکەی وەربگرێـت)). (حمـادي، ١٩٨٤، ص١١٩). هەر لەبەرئەوەش بـووە ڕەخنەکـانی (سـەرگوڵ) کە ئاراسـتەی (دارا)ی دەکـرد و پێـی دەگـوت: **((پێویسـتە بە خـودی خۆتـا بچیتەوە و بیرێک لە خۆتـا بکەیتەوە. بەڵام ناشـتوانی واز لە کـردەوە و بیرە چەوتەکانت بێنی تا خۆت لەو خوڵگە بۆگەنە قورتار نەکەیت. هەتا تۆ ئـاوا لەنێـو بـازنەی بەتاڵـدا خـول بخـۆیتەوە، بەهـیچ شـتێ ناگەیـت))،** (بەرزنجی، ١٩٨٨، ل٧٣) تەنانەت ئەو ڕەخنـانەی (سـەرگوڵ)یش نەیـانتوانی وا لە (دارا) بکەن خۆی لە بازنەی خراپەکاریی دەرووبەری ڕزگـار بکـات و دەسـت لە ئارەزووەکـانی بەربـدات، ئەگەرچـی جارجـار لە دڵـی خۆیـدا نیازی ئەنجامدانی ئەو کارەی هەبوو، بەڵام بۆی نەچووە سەر بە بیانووی نەزانین، هەروەک دەڵێت: **((نەمدەزانی شەڕ و خراپە لە کوێما بوو تائەوێم بە شتێکی دەمتیژ ببرییبایە و گرێ کوێرەی بەرژەوام بە نێرکەوە هەڵکێشا بوایە . . .! . نەشمدەزانی خێر و چاکە لە کوێما بوو ، تا ئەوێم بکردایە بە**

**پەرستگای دڵو دەروونم ، بمکردایە ڕووگە و ڕێنمایینگەی بیر و ئاوەزم))**. (بەرزنجی، ١٩٨٨، ل١٤١) بەم شێوەیە (دارا) تووشی دابەشبوونی هۆش و کەسایەتی بووە، هەر بۆیە ناتوانێ خۆی یەکلایی بکاتەوە، بەمەش دەبێتە کارەکتەرێکی پەرەنەسێن (نەگۆڕ).

لەبەرئەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بنیادی هەمانشتزان ئەوەیە، کە نووسەر بگێڕەوەکەی شانبەشانی کارەکتەری سەرەکی دادەنێت، بۆیە ئەوەی کارەکتەری سەرەکی نەیبینێ و نەیبیستێ، ئەو ناتوانێ بیگێڕێتەوە. بەو واتـــایەی ئەم بگێـــڕەوەیە ناتوانێـــت لە هەمـــوو کـــات و شـــوێنێکدا ئامادەبێـــت. ئەوەتـــا دوای مـــاوەیەک ونبـــوونی هەریەک لە (ســـەرهید) و (مـازن)، بـۆ خۆیـان بەسـەرهاتەکانی ئەو مـاوەیەی کە دیـار نەبـوون، بـۆ (دارا) دەگێـڕنەوە، کە چـۆن لە شـاری (ب) لە یـانە شـەوانەکاندا کاتیـان بەسەر بردووە و لە باخەڵی ئافرەتاندا خەوتوون و هێندە بە تام و چێژ ئەو یادەوەرییـانە بـۆ (دارا) دەگێـڕنەوە، ئەمەش دەبێتە مـایەی دڵگرانـی و هەسـتی خـۆبەکەمزانین لای (دارا) دەوروژێنێـت و لە وەڵامـی گلەییەکـانی (دارا)شـــدا کە لەگەڵ خۆیانـــدا نەیـــانبردووە و بەشـــدارییان پێنەکـــردووە، (سەرهید) ڕووی لێ دەکات و دەڵێت: **((– بەڵێن بێ، لێرەو پاش هیچ شتێ بێ تۆ نەکەین، نیگەران مەبە، ئێمەش لە سکی دایکی خۆمـان فێری ئەو شتانە نەبووین.**

**– مـازن: هەڵـبەت هـاوڕێ یەکی وەک تـۆی خۆشەویست ڕێگای پیشـان داوین و شتی وای فێر کردووین . دوای ماوەیەک لە بێ دەنگی و سـەیری یەکتر کردن (سەرهید) پرسی:**

**– ئەی تۆ ئەو ماوەیەت چۆن بەسەر برد؟"))**. (بەرزنجی، ١٩٨٨، ل٩٤) بەم شـێوەیە کارەکتەرەکـان ئەو زانیارییـانەی لایـانە ئاشـکرای دەکەن و بگێڕەوە لە زاری ئەوانەوە بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە.

له (گۆڕە درەوشاوەکانیش)دا زانیارییەکان سەبارەت بە کارەکتەری سەرەکی (پیرۆز) لە گفتوگۆی ئەو و کارەکتەرەکانی دیکەدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبن. ئەوەتا کاتێک کە (پیرۆز) وەک فەرمانبەر چەند ڕۆژێکە دامەزراوە و سێ ڕۆژ بەسەر یەکەوە لەناو پاسی کارگەکەیاندا چاوی بە کەسێک دەکەوێت و سەرسامی دەبێت و دواجار لە بەیانییەکی ساردی لەشتەزێندا دەبێتە یەکەم ڕۆژی یەکترناسینیان و (پیرۆز) ئەو ڕۆژەی بەم شێوەیە یاداشتکردووە و دەڵێت:

**(( – خوشکە دیارە دامەزراوی نوێی؟**

**ـ بەڵێ.**

**ـ لە چ بەشێکیت؟**

**ـ لە بەشی ڕاگوزارییە گشتییەکانی کارگەدا فەرمانبەرم.**

**ـ ناوت بەخێر؟**

**ـ پیرۆز.**

**بەهەمان گەرموگوڕی جارانەوە، خۆی بە من ناساند و وتی: (منیش ناوم (دلێر)ە، جێگری لێپرسراوی بەشی کار و فرمانە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارگەم. دەرچووی کۆلێژی بەڕێوەبردنم)).** (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٢٦ – ٢٧) تێبینی دەکەین لە ڕێی ئەم گفتوگۆیەوە زانیارییەکان سەبارەت بە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی ئاشکرا دەبن و بگێڕەوەی هەمانشزان لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە.

له شوێنێکی تری ناو ڕۆمانەکەدا بگێڕەوەی هەمانشتزان پاڵپشت بە گفتوگۆی نێوان (پیرۆز) و (دلێر)، باری دەروونیی کارەکتەری سەرەکیمان پیشاندەدات، کاتێک بەیەکەوە دانیشتوون و (دلێر) داوای بەدەزگیرانبوون لە (پیرۆز) دەکات و پرسیاری ئەوەشی لێ دەکات کە ئایا (نەنە پەری)ی خۆشدەوێت؟ ئەمیش بەم پرسیار و داواکارییە دەورووژێ و بەم شێوەیە ناخی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات: **((لەگەڵ ئەم قسانەدا هەستم کرد، ترپەی دڵم بەرە بەرە زیاد دەکا، پاڵەپەستۆی خوێنم بەرز هەڵدەچێ))**. (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ل٩٢)

لەم کۆپلەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوێت، کە ئەو زانیارییانەی ناخی کارەکتەری سەرەکی لە ڕێی خودی خۆیەوە ئاشکرا بووە، ئەگینا بگێڕەوەی هەمانشتزان ناتوانێ بچێتە ناو ناخی کارەکتەرەوە و ئەو زانیارییانە بەدەستبهێنێ.

له شوێنێکی تری ناو ڕۆمانەکەدا بگێڕەوە لە زەینی کارەکتەری سەرەکییەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە کارەکتەرێکی نەگۆڕە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە لەسەر هەڵوێست و بڕیارەکانی خۆی دەمێنێتەوە. ئەوەتا کاتێک کە هاوپیشەکانی لە کارگە دوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەی سەردانی دەکەن و داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە کارەکەی، بگێڕەوە بەم شێوەیە کارەدانەوەکەیمان بۆ دەگوازێتەوە: **((وێنەیەکی باوکم کە لە بەردەم ئەو ئاوێنە گەورەی جیازی بووکینی بوو دایناپوو، بەدەستیەوە گرتبووی و پێی وتبوون کە هەموو ئەو شتانە ناکا کاتێکی کورتی بەقەد چاو ترووکاندنێکەوە کە لەگەڵ ئەو وێنەیەدا بەسەری دەبات...! هەروەها دڵنیاشی کردن لەوەی، کە چیتر بۆ کارگە ناگەڕێتەوە و بڕیاری داوە ببێت بەدایک و باوکی ئەو منداڵەی کە لە ناو سکیدا خەریکە تروکەی لێ پەیدابێ و بکەوێتە جووله))**. (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ل٢٩٥) تێبینی دەکەین لەم

کـۆپڵەیەدا کە بە دواخـراوی نـاوەکی خـراوەتەڕوو، بگێـڕەوە لە زاری (دلێـر)ی کـوڕەوە دوا هەڵوێسـتی چارەنووسسـازی دایکـی خۆیمـان بـۆ ئاشکرا دەکات.

بەم شێوەیە (حسام بەرزنجی) لە هەر چوار ڕۆمانەکەیدا بە هەردوو جـۆر بگێـڕەوەی هەمووشـتزان (بینـین لە دواوە) و هەمانشـتزان (بینـین لەگەڵ)، کارەکتەری سەرەکیی پێشکەش و نمایشکردووە.

**ئەنجامەکان:**

١- بڕیاردان سەبارەت بە کارەکتەری سەرەکی لە ڕووی پێکهاتەوە، گۆڕاوە یان نەگۆڕە، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکان ئەنجام دەدرێت و ڕۆڵی بگێڕەوە لە شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەردەکەوێت.

٢- لەم توێژینەوەیەدا بە گوێرەی دابەشکردنەکانی (فۆرستەر) بۆ کارەکتەر، بۆمان دەرکەوتووە کە کارەکتەری سەرەکی لە هەر سێ ڕۆمانی (نۆرینگ) و (کانگەی بەڵا) و (گۆڕە درەوشاوەکان)دا لە جۆری نەگۆڕە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەکو خۆیان دەمێنن، گۆڕان لە بۆچوون و هەڵوێستەکانیاندا ڕوونادات.

٣- کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی (مرۆڤە کۆیلەکان)دا کەسێکە کە گۆڕان لە بیر و ژیان و هەڵسوکەوت و تێڕوانینەکانیدا ڕوودەدا و تەنانەت لە کەسێکی شارییەوە دەبێتە کەسێکی لادێنشین و هەر لەوێش ژیانی کۆتایی دێت.

٤- لە ڕووی شێوازەوە ڕۆمانی (نۆرینگ) و (مرۆڤە کۆیلەکان) بە بگێڕەوەی هەمووشتزان گێڕدراونەتەوە و بگێڕەوە تەواوی زانیاری لەسەر کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەردوو ڕۆمانەکە هەیە.

٥- هەردوو ڕۆمانی (کانگەی بەڵا) و (گۆڕە درەوشاوەکان) بە شێوازی هەمانشتزان پێشکەشکراون و لەم دوو ڕۆمانەدا کارەکتەری سەرەکی بووەتە سەرچاوەی زانیارییەکانی بگێڕەوە. ئەوەی ئەوان دەیزانن ئەویش دەیزانێ و بۆ خوێنەری دەگێڕێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبە کوردییەکان:**


- ئەڵـوەنی، نەجـم خالیـد، کارەکتەرسـازی لە ڕۆمـانی ئێـوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، چ(۱)، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ۲۰۰۹.

- ئەڵـــوەنی، نەجـــم، دەســـەڵاتی حەکـــایەتخوان لە چیرۆکـــدا بە نمـــوونەی کـــۆچیرۆکی کـــێ وەســـتا کەریمـــی کوشـــت، چ(۱)، چاپخـــانەی زانکـــۆی سەلاحەدین، هەولێر، ۲۰۱۵.

- بەرزنجی، حسام، ڕۆمان، کانگای بەڵا، چ(۱)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ۱۹۸۸.

- بەرزنجـــی، حســـام، گـــۆڕە درەوشـــاوەکان، چ(۱)، دەزگـــای چـــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۸.

- بەرزنجی، حسام، مرۆڤە کۆیلەکان، چ(۱)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱۵.

- بەرزنجی، حسام، نۆرینگ، چ(۱)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰٦.

- دەوڵەت، مەریـوان عـومەری، سـیما و خەسـڵەتی کـارەکتەر لە کـورتە چیرۆکـی کـوردی، لەنێـوان سـاڵانی (۱۹۲۵ – ۱۹۵۰) چاپخـانەی دیـلان، سلێمانی، ۲۰۱۱.

- شێخانی، جەوهەر، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، چ(۱)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱٤.

- کۆمەڵێک نووسەر، ڕاز و ڕەمزەکانی ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، چ(١)، ساڵی ٢٠١٢.
- کۆمەڵێک نووسەر، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، و: هادی محەمەدی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- **کتێبە عەرەبییەکان:**

- بحراوي، حسن ، بنية الشكل الروائي (الفضاء، الزمن، الشخصية)، المركز الثقافى العربي، ط(١)، بيروت، ١٩٩٠.
- برنس، جيرار ، المصطلح السردي، ترجمة، عابد خزندار، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣.
- بوتور، ميشال، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات دار العويدات، بيروت، لبنان، ١٩٧١.
- بورنوف، رولان و اوئيلية، ريال، عالم الرواية، ترجمة: نيهاد التكرلي، ط (١)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١.
- جينيت، جيرار، خطاب الحكاية بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم و عبدالجليل الازدي، وعمر الحلي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ط (٢)، ١٩٩٨.
- عبدالله، عدنان خالد، النقد التطبيقي التحليلي، افاق عربية، بغداد، ط (١)، ١٩٨٦ .

- عزام، محمد ، شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
- العيد، يمنى، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، ط (١)، بيروت، ١٩٩٠.
- لحمداني، حميد، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، مركز الثقافة العربي، ط (٣)، الدار البيضاء ، ٢٠٠٠.
- مندلاو، أ.أ. ، الزمن والرواية، ت: بكر عباس، دار الصادر للطباعة، ط (١)، بيروت – لبنان، ١٩٩٧.
- مجموعة مؤلفين، طرائق تحليل السرد الادبي، ط (١)، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الرباط، ١٩٩٢.
- موير، ادوين، بناء الرواية، ترجمة: ابراهيم الصيرفي، مراجعة: الدكتور عبدالقادر القط، الدار المصرية للتأليف والترجمة، ١٩٦٥.
- هلال، محمد غنيمي ، النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣.

**كتێبه فارسییەکان:**

- مستور، مصطفى، مباني داستان كوتاه، چاپ دوم، نشر مركز، تهران، ١٣٨٤.

**نامه ئەکادیمییەکان:**

- حمادي، صبري مسلم، صورة البطل في الرواية العراقية، (١٩٢٨ – ١٩٨٠) رسالة دكتورا، كلية الاداب – جامعة بغداد، ١٩٨٤.

- شـارونى، يوسـف، القصـة القصـيرة نظريـا وتطبيقـا، سلسـلة كتـاب الهـلال، العدد ٣١٦، مصر، ١٩٧٧.

**گۆڤاره عەرەبییەکان:**

- اسعد، سامية أحمـد، التحليـل البنيـوي للسـرد، مقـالتين متـرجمتين لـ(رولان بارت و تزفيتان تودوروف)، (الاقلام): ع (٣)، كانون الاول، ١٩٧٨.

**ملخص:**

(أساليب تقديم الشخصيات الرئيسة من خلال الراوي في روايات حسام البرزنجي)

تتمحور الدراسة حول الشخصيات الرئيسة في روايات حسام البرزنجي، وهي تسعى إلى بيان فاعلية الشخصيات ودورها في الروايات، وتحاول أن تحدد الأساليب التي اعتمد عليها الكاتب في تقديم شخصيات رواياته والطرق الفنية التي استعان بها، ومدى نجاحه في ذلك. وقام الباحث بتحليل دور الراوي في إبراز وظيفة الشخصيات الرئيسة وسماتها التركيبية وجوانبها الفنية.

يتألف البحث من فصلين؛ تحدث الباحث في الفصل الأول، من خلال محورين، عن أنواع الشخصيات الرئيسة وأنواع الراوي، وحدّد نوع العلاقة الجامعة بينهما في الفن الروائي.

وحلّلنا في الفصل الثاني أساليب تقديم الشخصيات الرئيسة بنوعيها النامية والمسطحة في روايات الكاتب. ثم سجلنا في الختام أهم النتائج التي توصل الباحث إليها، فضلاً عن ثبت بالمصادر والمراجع التي اعتمدت عليها الدراسة.

**الكلمات الدالة:** الشخصية، الراوي، الكلي العلم، المصاحب للشخصية، البرزنجي.

**Abstract**

This study deals with the main characters in the novels of Husam Barzanji. It attempts at demonstrating the effectiveness of the characters and their role in the novels studied. It determines the methods that the Novelist relied on to manifest the characters of his novels. It also reveals the technical methods used. The researcher analyses the role of the narrator in highlighting the function of the main characters, their structural features and their technical aspects. The paper consists of two sections:

Section one deals with types of the main characters and narrator. It specifies the relationship between them.In the second Section the methods of presenting the two main characters, namely developing and flat, are dealt with.

Finally some conclusions are stated. The research ends with a list of the references

**Keywords:** Character, Narrator, Omniscient, Seif-narrator, Barzanji.